# داهاتی سەربەخۆی خانمان

## چەکی بەهێزی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی

بەپێی ڕاگەیاندراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، نوێنەرایەتی ئافرەتان لە دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لاوازە، ڕاگەیاندراوەکەی نەتەوە یەککگرتووەکان ئاماژەی بەوە کردووە کە ئافرەتانی عێراق ڕووبەڕووی گرفتی گەورەی ئابووری بوونەتەوە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی تەنیا ١٤٪ی ئافرەتانی عێراق لە دەرەوەی ماڵەکانیان کاردەکەن. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە لە ئاستی جیهاندا، بەرەو ئەو ئاراستەیەش دەڕوات کە ئافرەتانی عێراق و هەرێمی کوردستان سەربەخۆ نین، چونکە خاوەنی داهاتی تایبەت بە خۆیان نین و ئەوەش دۆخی کۆمەڵایەتییانی سەخت کردووە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە وەرگیراون لە ئافرەتانی عێراق بە ڕێژەی ٦٠٪ ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لەلایەن هاوژینەکانیانەوە، هاوکات ئەوەی دەبیندرێ و دەبیسترێ لە دەرەنجام و ڕاسپاردەکانی هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە کوردستان ئاماژە بە خاڵێکی جەوهەری کراوە، ئەویش نەبوونی داهاتی سەربەخۆی ئافرەتە کە وایکردووە ڕێژەی توندوتیژییەکان زیاد بکات. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ئەو پرسە گرینگە تاوتوێ دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



ڕۆندك فارس، هەڵگری بڕوانەی ماستەرە لە ئابووری و پێوەری ئاماری پێشکەوتوو، بەپێی پسپۆڕیی خۆی لە بواری ئابووری، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بازرگانی بە یەکێك لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی بەرقەراربوونی کۆمەڵگە لە جیهاندا دادەنرێت، ڕەخساندنی هەلی کارو هاندانی بەردەوام بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونی ئایدیا و بیری تەکنەلۆجی سەردەمییانە، کە ئامانج لێی هێنانەکایەی بەرهەمێکی گونجاوە، بەپێی ئاستی هەنووکەیی بەرکاربەر، ئەمەش لە ڕێگەی فراوانکردنی سەرجەم تۆڕە پەیوەندییەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە بەتایبەت لە لایەنی دابینکردنی بژێوی ژیان و بەرزبوونەوەی هۆشیاریی ئابووریی تاکە.» هاوکات دەڵێت: «ئافرەت دەتوانێت لە ئاوەدانکردنەوە و پێگەیاندنی کۆمەڵگە ڕۆڵی گەورە ببینێت، کارابوونیشی لە سەرجەم بوارەکان دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی.» ئەوەشی خستەڕوو کە «بەپێی دوایین ئامارەکانی ڕێکخراوی ئابووریی نێودەوڵەتی، لە جیهان بەگشتی و وڵاتە پێشەنگ و بەرهەمهێنەکان بەتایبەتی، ئەگەر ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە بازاڕی کاردا زیاد بکات، ئەوا لە ساڵی ٢٠٢٥ دا بڕی ٢٨ ترلیۆن دۆلار لە داهاتی نیشتمانی وڵاتانی جیهان زیاد دەکات. کەواتە ئەو میللەتانەی کە ئافرەتەکانیان ئەرك و کاریان لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان پێ سپێردراوە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەوەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بنیاد بنێن و هەر ئەوەش کاریگەریی سەرەکی دەبێت لە پێشهاتە ئابوورییەکانی جیهاندا. بەڵام گرنگیی ئافرەت بە تەنیا لەم دیدگەیەوە کاریگەری نابێت، بەڵکو ئازادبوونی ئافرەت، بە واتای ئازادبوونی مرۆڤەکانە، واتە ئازادبوونی پیاوەکان و منداڵەکانیشە. کۆمەڵێك فاکتەریش بۆ گەشەکردن و دەرکەوتنی گەلان هەیە، کە گرنگترینیان سەیرکردنی ئافرەتانە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی، کاتێك هاوسەنگ و تەواوکەر دەبن لەگەڵ پیاوان، لە دابینکردنی پێداویستیی ژیان. گوتیشی: «هەرێمی کوردستان دوای پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەت لە ساڵی ١٩٩٢ دا، پێشەوەچوونی یەکجار زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لە گرنگیدان بە ئافرەت لە سەرجەم سێکتەرەکانی کاری کۆمەڵگەدا، ئامارەکانی هەڵکشانی ڕێژەی بەشداریی ئافرەت بەتایبەت لە بواری خوێندن و پەروەردەدا، دڵخۆشکەرن، ڕێژەی بەشداریی ئافرەتانی کوردستان بەتایبەت لە سێکتەری پەروەردە و نەهێشتنی نەخوێندەواری بەراورد بە ناوچەکانی عێراق و تەنانەت وڵاتە عەرەبییەکانیش لە پێشەنگدایە، لە ماوەی ٢٠ ساڵی حوکمڕانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی هاوسەنگیی ڕەگەزییەوە کاری باش کراوە و لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆ حکومییەکاندا ڕێژەی (٥٣,٥٪)ی لە ڕەگەزی نێرینە و (٤٦,٥٪) لە ڕەگەزی مێینەیە.»


ڕۆندك فارس هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان ١٣,٥٪ بووە، بەڵام دوای باشتربوونی ژیان و گوزەرانی خەڵك لە ئێستادا ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ١٠٪ دەخەمڵێندرێت، بەڵام زۆربەی ڕێژەی بێکاری لە نێوان چینی ئافرەتدایە کە بە ڕێژەی ٢٠٪ دەخەمڵێندرێت، لە ئاستێکی بەرزدایە بە بەراورد بە ڕێژەی بێکاری لە پیاواندا کە بە ٨٪ دەخەمڵێندرێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری خانمان لە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان بێبەشن، هۆکارێکی کەمیی بەشداریی ئافرەتیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕێژەی ٧٦٪ی خانمانی خاوەن کار لە کەرتی حکومەتدا کار دەکەن، واتە نەیانتوانیوە بە شێوازێکی سەردەمییانە پشت بە خۆیان ببەستن و لە کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکاندا کار بکەن.» هاوکات دەڵێت: «لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لە کۆمەڵگەی خۆماندا بەتایبەتی، ئافرەت وا ڕاهاتووە بەکاربەر بێت، نەك بەرهەمهێنەر، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین هاوسەنگیی بازاڕی کار بۆ ئافرەت دروست بکەین، دەبێ کار بۆ کاڵکردنی ئەو نەریتە بکرێت، لە هەمان کاتدا پێویستە ئەوە لە سیستەمی پەروەردەیی و لە ناوەندەکانی خوێندندا وەک وانە بخوێندرێت، بۆ ئەوەی هونەری پشت بەخۆ بەستن ببێت بە کەلتوورێکی بنچینەییانە بەتایبەت بۆ ئافرەت.» گوتیشی: «لە ئێستای کوردستاندا ڕێژەی دەرچووانی زانکۆ لە ڕەگەزی مێ، زیاترە لە ڕەگەزی نێر، بەڵام لە ڕووی بەشداریی لە بازاڕی کاردا ڕێژەکە پێچەوانەیە، بۆیە پێوستمان بە گۆڕانکاریی جددی هەیە بۆ بەشداریکردنی ئافرەت لە سەرجەم کەرتەکان و لە بازاڕی کاردا، ئەمەش بە پێی پێشبینییەکانی شارەزایانی ئابووری بێت، کوردستان بەرەو گۆڕانکاریی گرنگ هەنگاو دەنێت، چونکە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان خاوەن پڕۆژە یاسا و بیرۆکەی نوێن.»

لەلای خۆیەوە عارف ڕوشدی ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات: سەربەخۆ بوونی ئابووری بۆ هەموو کەسێك پێویستە، بۆیە گرنگە هەلی کار بدۆزرێتەوە بۆ هەر کەسێك ئارەزووی کارکردنی هەبێت، ئافرەتان شان بەشانی پیاوان دەتوانن لە بوارە جیاوازەکاندا کاربکەن، گوتیشی:کۆمەڵگەش دەبێت ڕابێت لەسەر ئەوەی ئافرەت بونەوەرێکی لێهاتووە و خاوەن بەهرەیە، چەند هاوکاری بکرێت لە بینینی ڕۆڵی خۆی ئەوەندە گرفتەکانی کۆمەڵگە بەرەو پوکانەوە دەچن، تەنانەت لەسەر ئاستی یەك خێزانیش کاتێك ئافرەت خاوەن کار دەبێت، باری قورسی ژیان ئاسانتر دەبێت و بە

**ئەوە سەلمێندراوە کە خانمانی خاوەن داهات کەمتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبن و ئەگەریش توندوتیژییان بەرامبەر بکرێت قبووڵی ناکەن**

**سەربەخۆیی ئابووری ئافرەتان دەروازەیەکی ئەرێنی دەکاتەوە لە پەرەپێدانی پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان و دیاردەی پێشێلکردنی مافی ئافرەتان کز و لاواز دەکات**

**پێویستە ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بە کارو چالاکییەکانی ئافرەتان، تەنها لە چوارچێوەی ڕێکخستنی تەقلیدی و حزبیدا خۆیان قەتیس نەکەنەوە، بەڵکو ڕاهێنان و گەشەپێدانی تواناکانی ئافرەت و دۆزینەوەی هەلی کار، لە پێشینەی ئامانجەکانیان بێت**



هاوبەشی لەگەڵ پیاودا تەنگوچەڵەمە ئابوورییەکان چارەسەردەکەن، دەرەنجامەکەش باڵ کێشانی ئاسوودەییە بە سەر پێکهاتەی خێزانەکەدا و مەودای پەیوەندییەکانی خۆشەویستی و ریزگرتن و توانای دەربازبوون لە کێشەکان فرانتر دەبن.

عارف روشدی ئاماژە بەوە دەکات کە: پێویستە رێکخراوەکانی تایبەتمەند بە کارو چالاکییەکانی ئافرەتان، پێویستە تەنها لە چوارچێوەی رێکخستنی تەقلیدی و حزبیدا خۆیان قەتیس نەکەنەوە، بەڵکو راهێنان و گەشەپێدانی تواناکانی ئافرەت و دۆزینەوەی هەلی کار، لە پێشینەی ئامانجەکانیان بێت، چەند ئافرەت لە بواری ئابووری و دارایی ئاسوودە بێت وەك هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگە، ئەوەندە کۆمەڵگە لە کێشەو ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان دوور دەکەوێتەوە، بەڵکو دیاردەی لێکترازانی خێزان و سەرهەڵدانی توندوتیژیش بەرە ئاوابوون هەلدەکشێت، سەربەخۆیی ئابووری ئافرەتان دەروازەیەکی ئەرێنی دەکاتەوە لە پەرەپێدانی پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان و دیاردەی پێشێلکردنی مافی ئافرەتان کز و لاواز دەکات.

ماجید خەلیل مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی بەشی مێژووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، سەبارەت بە تەوەری راپۆرتەکە رایوایە: «لە زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگەی کەلتووریی ژنانی کوردا، فاکتەری فرە هەن تاوەکو فشار و فەوزای توندوتیژی لە سەر ژنان کەم ببێتەوە. راستە ئایدیا و مەزهەب و کەلتوور و کینەی خێڵەکی بازووی بەهێزی خنکاندن و خەفەکردنی توانا و تینی ژنانن، بەڵام دەکرێ ئابووریی سەربەخۆی تاك و داهاتی دیاریکراو و شایستەی ژنان ببێتە هێزێکی کاریگەر بۆ ئاڵنگاریی توندوتیژییەکانی سەر ژن. لێرەدا میکانیزمە ئابوورییەکە دەخەینە پێش چاوان، ئەویش وەك چۆن لە کەرتی گشتیدا ژن و پیاو وەك یەك خودانی مووچە و دەرماڵە و ئەرك و مافن. دەکرێ بوارە جیاوازەکانی کەرتی گشتی بۆ ژنان زیاتر فەراهەم بن، بۆ نموونە، دامەزراندن لە وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە، کە نومایانی هێزی تاکی کۆمەڵن، دەبێ ئەۆ سنوورە لەسەر ژن لاببرێ، وەك چۆن لە پەروەردەو خوێندنی بالادا ژنان زیاد لەنیوەن، بەو جۆرەیش نۆرماڵ بێ لەو دوو وەزارەتیش ژن وەك نێرینە داری ماف بێت، ئەم ئەزموونە لە گەلێ وڵاتی پێشکەوتووی دونیا خراوەتە روو، سەرکەوتووش بووە، بۆ نموونە لە خۆرئاوای کوردستان، لە ئیسرائیل، لە ئەسکەندەنافیا و.. هتد. هەروەها لە کەرتی تایبەتیشدا کە بازاڕ دەجووڵێنێ هێشتا ژن لەسەدا دەی کۆنترۆڵ نەکردووە، بۆیە دەکرێ لە رووی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە بەربەستە مەعنەوییەکان تەخت بکەین، تا ژنان بێنە ناو ئەو کەرتانەوە، چونکە هۆکاری سەرەکیی بێبەشبوونی ژن لە داهاتی سەربەخۆ نەبوونی زەمینەی کارە لە بوارە جیاکانی کەرتی تایبەتدا.»

لەیلا دیوبەند چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بوونی داهاتی سەربەخۆ بۆ ئافرەتان بە پێویست دەزانن. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە رێکخراوەکانی مەدەنی لەو بوارەدا بەرپرسیارن و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «یەك لەو رەوت و ناوەندانەی لە ئێستادا بە رادەیەکی زۆر بەرپرسیارە لە سەرپێخستنی ژنان لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، چ لە خێزان و چ لە کۆمەڵدا، ئەو رێکخراوە مەدەنییانەن کە ئەمڕۆ لە گۆرەپانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی کوردستاندا لە چالاکی و هەڵسووڕاندان. هەڵبەت ئەم بەرپرسیارێتییە تەنیا لە ئەستۆی ئەو رێکخراوانەدا نییە، بەڵکو کێشەی ژنان هەر لە پرسەکانی نێو خێزانەوە تا پرسە گشتییەکانی نێو کۆمەڵگە، کێشەیەکە کە لە بنەڕەتدا بە بێ هەرەوەزێکی هەمەلایەنە و گشتگیر چارەسەر ناکرێ. ئەوەندەی پێوەندی بە پرسی رەخساندنی هەلی کار و دەستەبەرکردنی ئابووریی سەربەخۆ بە ژنانەوە هەیەك من پێموایە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی بەرچاویان لەو بوارەدا هەبووە، رێژەی ئەو ژنانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆن لە هەڵکشاندایە، ئەو خانمانەی لە بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکان و دامودەزگای ئیداری و کارگێڕیدا کار دەکەن، ژمارەیان کەم نییە، بەڵام ئەوە سەرەتای ئەو کرانەوەیەیە بە رووی ژناندا لەو بوارەدا، پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر ئەم پرسە زیاتر خۆ ماندوو بکەن و لە سەر ئەم خاڵانە پێداگری بکەن. یەکەم: پێویستە هەوڵ بدرێ خاوەندارێتی تایبەت بۆ ژنان لە خێزان و کۆمەڵدا بە شەفافی لە پەرلەمانی کوردستاندا بە یاسا رێك بخرێ، دووەم: هەوڵ بدرێ بۆ سڕینەوەی ئەو یاسا و کەلتوورانەی

**وەک چۆن لە پەروەردەو خوێندنی باڵادا ژنان زیاد لەنیوەن، پێویستە لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگەشدا ئەو سنوورەیان لەسەر لابرێ ئەوەش لە وڵاتانی دیکە ئەزموونیکی سەرکەوتوو بووە**

**ئافرەت دەتوانێت لە ئاوەدانکردنەوە و پێگەیاندنی کۆمەڵگە رۆڵی گەورە ببینێت، کارابوونیشی لە سەرجەم بوارەکان دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی**

**ئەگەر رێژەی بەشداریی ئافرەت لە بازاڕی کاردا زیاد بکات، ئەوا لە ساڵی ٢٠٢٥ بڕی ٢٨ ترلیۆن دۆلار لە داهاتی نیشتمانی وڵاتانی جیهان زیاد دەکات**



ژنان ناچار دەکەن بە مانەوەیان لە چوارچێوەی ماڵدا، سێهەم: پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم بەستێنەدا زیاتر بخزێنە هەناوی کۆمەڵگە و بە شێوەی ئاکادیمی بۆ چەسپاندنی هەژموونی و مافی بڕیاردانی ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە هەوڵ بدەن. دیارە ئەوەش وەدینایە ئەگەر کەرامەتی ژن بە پێی یاسا و بە میکانیزمێکی گونجاو لە دەرەوەی خێزان نەپارێزرێ، چۆن پیاوان بە بێ کێشە و دوودڵی ئەرکەکانیان لە دەرەوەی ماڵ رادەپەڕێنن، دەبێ هەمان ژینگە لە دەرەوەی خێزان بۆ ژنانیش دەستەبەر بکرێت. هەروەها پێویستە هەوڵ بدرێ وەك وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو ژنانەی بە هەر هۆکارێك لە چوارچێوەی ماڵدا خەریکی ئەرکە تایبەتەکانن مووچە وەربگرن و لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوانیش سەربەخۆ بکرێن. ئەوەی ئێستا ئێمە لەم وڵاتانە دەیبینین، بۆ نموونە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا، دیاردەیەکی زۆر جیاوازە لە چاو وڵاتانی جیهانی سێیەم، لێرە چ ئەو ژنانەی سەڵتن و چ ئەوانەی خاوەن مێرد و منداڵن لە ڕووی ئابوورییەوە تەواو سەربەخۆن، ئەوەش وای کردووە ئەو وڵاتە لە ڕووی ئابووری و ئیداری و کارگێڕی و تەنانەت سیاسییەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەوپێش بچێت. بەداخەوە لە چوارچێوەی ئەم لێدوانەدا ناگونجێ و دەرفەت نییە کە باس لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی سەربەخۆیی ژن لە ڕووی ئابوورییە لە کۆمەڵگەدا بکەم، هیوادارم لە دەرفەتێکدا ئەم باسە زیاتر گرینگی پێ بدرێ بۆ شیکاری و شەنوکەوکردنی ئەو پرسە کە پرسێکی چارەنووسسازە لە هەوراز و نشێوەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتاندا. ئەو ڕۆژەی زۆربەی ژنانی کورد دەستەبەری ئابووریی سەربەخۆ بکەن، ئەو ڕۆژە کومەڵگە کوردەواری دەگاتە ترۆپکی بەختەوەری و لووتکەی پێشکەوتن، من حەز دەکەم بە کورتیش بووبێ بڵێم کە سەربەخویی ژن لە ڕووی ماڵییەوە نەك هەر کاریگەری ئەرێنی لە سەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت، بەڵکوو لە ڕووی ئابووری و پەروەردەی خێزانییەوە، لە باری کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، ئاڵوگۆڕی بەرچاو بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا پێك دێنێ.»

دوریا شێروانی چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە: «سەربەخۆیی ئابووری دەرچەیەکە بۆ ڕزگاربوون لە توندوتیژیی ئابووری کە ئەم جۆرە توندوتیژییە بابەتی ڕۆژە لە ئەمڕۆدا بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە زۆر جار هەڵوەشانەوەی خێزان و تەنانەت تەڵاقی سۆزداریشی لێدەکەوێتەوە، بمانەوێ یان نا، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم خواست و داواکاریی تاك تاوەکو کۆمەڵگەش بەردەوام لە زیادبووندایە و بۆ ئەو خێزانانەشی کە داهاتی ئابوورییان سنووردارە دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکان قورسە و بگرە بڕێکجار ناکرێت، لەگەڵ ئەمەش دەستاودەستکردنی دراو و جموجووڵی بازاڕ و سەقامگیریی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیش کاریگەری هەیە و جێ پەنجەی خۆی جێدێڵێت چ بە ئەرێنی چ بە نەرێنی..» هاوکات ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرز دەنرخێنێت و دەڵێت: «ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی توانیویانە دەرگایەك واڵا بکەن بۆ خانمان کە بتوانن خاوەن داهات و بژێوی خۆیان بن و تا ڕادەیەکی زۆریش ڕێنیشاندەر و هاندەر بوون بۆ ئەوەی خانمان بتوانن و هۆشیاربن بەرامبەر ئەوەی کە پێویستی ژیان لەم کاتەدا وایکردووە خانمانیش بە توانای خۆیان کار بکەن و خاوەن داهاتی خۆیان بن.» سەبارەت بەوەش کە ڕێکارەکان چین بۆ چۆنیەتی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خانمان، گوتی: «سەرەتا دەبێت پەیوەندیەکی توندوتۆڵی ڕێکخراوەکان لەگەڵ حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار و هەروەها کەرتی تایبەت دروست بکرێت، هاوشانی ئەوەش گەڕان بە دوای خانمانی ئارەزوومەند بۆ کارکردن کە ئاسانکارییان بۆ بکرێت. لەگەڵ ئەوەش ڕەچاوکردنی بڕوانامە و دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاوە، با چیتر وەك زەعیفەیەك سەیری ئافرەت نەکرێت و لە ڕووی بەزەییشەوە نەخرێتە سەرکار، بەڵکو کارپێدانیشی لەسەر بنەمای بڕوانامە و توانا و کەفائەت و لێهاتوویی بێت.» گوتیشی: «هاندانی ئافرەت بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن و ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان و پیشەیی و کۆکردنەوەی سی ڤی و پێشکەشکردنیان بە لایەنی پەیوەندیدار زۆر هەنگاوی گرینگ سوودبەخشن و بێگومان پشت بە خۆ بەستن و ئابووریی سەربەخۆی خانمان هاندەرە بۆ ئاشتیی خێزانی و چەکێکی بەهێزیشە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، ئەوەش سەلمێندراوە کە خانمانی خاوەن داهات کەمتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبن و ئەگەریش توندوتیژییان بەرامبەر بکرێت، قبووڵی ناکەن.»

**ئەو میللەتانەی کە ئافرەتەکانیان ئەرک و کاریان لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان پێ سپێردراوە، لە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن**

**ڕێژەی بەشداریی ئافرەتانی کوردستان بەتایبەت لە سێکتەری پەروەردە و نەهێشتنی نەخوێندەواری بەراورد بە ناوچەکانی عێراق و تەنانەت وڵاتە عەرەبییەکانیش لە پێشەنگدایە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی هاوسەنگیی ڕەگەزییەوە کاری باشی کردووە و لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆ حکوومییەکاندا ڕێژەی (٥٣,٥٪)ی لە ڕەگەزی نێرینە و (٤٦,٥٪) لە ڕەگەزی مێینەیە**



# رۆڵی رێکخراوە مەدەنییەکان NGO لە بەهێزکردن و توانا سازیی ئافرەت

بەشی یەکەم

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی پرۆگرامە کاریگەرەکانی رێکخراوە ناحکومییەکان NGOs لەسەر توانابەخشین و توانامەندسازیی ئافرەتان.

لە رێگەی بەهێزکردن و توانامەندسازییەوە، ئافرەتان دەتوانن خۆیان رێك بخەن بۆ زیادکردنی پشتبەستن بە خۆیان و سەپاندنی مافە سەربەخۆکانیان لە بڕیاردان و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەمکی بەهێزکردن و تواناسازی پێناسەو شیکردنەوەی بۆ کراوە بۆ هەر دوو ئاستی تاك و کۆمەڵ.

**پێشەکی**

لە کۆنفرانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٧بانگەشەی ئەوە کراوە کە بەهێزکردن و تواناسازی بەردی بناغەی گەشەپێدانی مرۆییە و پێویستە کاری لەسەر بکرێت.

سەرەڕای ئەوەی کە کۆنگرەی لوتکەی جیهانی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی «World Sum-mit on Social Development WSSD» لە ساڵی ١٩٩٥ لە شاری کۆبنهاگن، داوایکرد کە دانپێدانان بکرێت بۆ بەهێزکردن و توانامەندسازیی مرۆیی، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان و پێوێستە کار بکرێت بۆ هێزکردنی توانا تایبەتییەکانیان کە ئامانجی سەرەکیی لوتکەی گەشەپێدانە.

لەبەر رۆشنایی هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو رێچکەکانی سێکتەرەکانی گەشەپێدان ئامانجیان بەشداری پێکردنی ئافرەتانە لە پرۆگرامەکانی گەشەپێداندا.

هەرچەندە فاکتەرەکان زۆرن کە هۆکار بوون بۆ پەراوێزکردنی ئافرەتان و دوورخستنەویان لە هەڵمەتەکانی گەشەپێدان و دەرئەنجام بۆتە هۆی بێتواناکردنیان کە باوترین بەربەستی سەرەکی لە توانامەندسازیی ئافرەتان نۆڕمەکان(دابونەریت) و باوەڕە باوەکان، کەلتوورو و بەهاکانە کە لە رێگەی ئەم فاکتەرانە کۆمەڵگە جیاوازیی لە نێوان ژن و پیاودا کردووە.

لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەك زۆرێك لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکانی دیکە، گەیشتنی ئافرەتان بە پێگە کاریگەرەکان و دەسەڵات سنووردار کراوە، بۆ تێکشکاندنی بەربەستەکان کە کاریکردۆتە سەر بەرتەسکبوونەوەی ئیرادەی ئافرەتان لە بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی پیشەکانیان و بۆ سەرکەوتنی چالاکییەکانیان لە دەرەوەی ماڵەکانیان پێویستیان بە خەبات هەیە.

لە کۆمەڵگەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش، پیاو لە پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵگە دانراوە، لە دەسەڵاتی جێبەجیکردن و دادوەریدا توانای بڕیاردانی هەیە.

هاوکات تێڕوانینی بۆ دۆزەکانی رۆژانەی ئافرەتان بە بێ گرنگی و سرووشتی مامەڵەی لە گەڵدا دەکات. لە دەرەنجامدا دۆزەکانی ئافرەتان و ئەزموونەکانیان لە رووی یاساییەوە لە روانگەی دابونەریتی کۆمەڵایەتیشەوە بە هەند وەرناگیرێن.



ئیراد منوچر سان ئەحمەد

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

لەهەندی حالەتدا یاسا رۆڵی دژایەتیکرن دەبینێت بۆ ئافرەتان لە قبووڵکردنی گرفتەکان و رازیبوون بە هەڵویستەکان بەسەریاندا دەسەپێنێت.

راگەیاندراوی نەتەوە یەگکرتووەکان بۆ مافەکانی ئافرەتان بانگەشەی ئەوەی کردووە کە نوێنەرایەتیی ئافرەتان لە دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە روانگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لاوازە.

لە رووی سیاسی بەشداریکردنی نوێنەرانی ئافرەتان لە پەرلەمانی عێراق ٢٥٪ و لە هەرێمی کوردستان زیاترە لە ٣٠٪ و ئەوە زۆر پۆزەتیڤە بۆ بوونیان لە دەسەڵاتی تەشریعی (یاسادانان، بەڵام نوێنەرایەتییان لە حکومەت، یان لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری زۆر لاوازە و پشکی کۆتا لە پەرلەمان بووە بە سەقفی داواکارییەکان لە بری ئەوەی ببێتە زەمینەیەك بۆ دەستپێکی دەستکەوتنی مافەکانیان. سەرەرای بوونی سیستەمی کۆتا لە دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام تا ئێستا ئافرەتان نەیانتوانیوە بگەنە پۆستی سەرکردایەتییە باڵاکان، ئیدی لە پارێزگاکاندا بێت، یان لە سەرتاسەری وڵات.

تائێستا ئافرەتێك دەستنیشان نەکراوە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، یان بۆ بوون بە پارێزگار لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دامەزراندنی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا وەزارەتە سیادییەکان وەك وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری، یان پێشمەرگە و وەزراەتی دارایی و نەوت لەلایەن وەزیرە پیاوەکان بەرێوە دەبردرێت.

هەروەها نەتەوە یەککرتووەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئافرەتانی عێراق رووبەڕوووی گرفتی گەورەی رەوشی ئابووری بوونەتەوە، بە جۆرێك بەپێی ئاماری رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی تەنیا ١٤٪ لە ئافرەتانی عێراق لە دەرەوەی ماڵەکانیان کاردەکەن، ئەمەش رێژەیەکی کەمە لە ئاستی جیهاندا و بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەڕوات کە ئافرەتانی عێراق و هەرێمی کوردستان سەربەخۆ نین، چونکە خاوەنی داهاتی تایبەت بەخۆیان نین. هەر بۆیە دۆخی کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەتانی عێراق زۆر گرانە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە وەرگیراون لە ئافرەتانی عێراق رێژەی لە ٦٠٪ رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لەلایەن هاوژینەکانیانەوە.

ئامادەنەبوونی ئافرەتانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە کایەی سیاسیدا ئاماژە پێدەرە بۆ کەمترین بەشدارییان لە دەسەڵات و ئاستەکانی بڕیاردان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە رگەزی مێ لە هەرێمی کوردستان رێژەیکی بەرزیان هەیەساڵانە لە کۆی وەرگرتنیان لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، کەچی لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا رووبەڕووی نایەکسانییەکی بەرچاو بوونەتەوە. تاکە هۆکاری ئەم نایەکسانییەش بۆ جیاکاریی جێندەری، نایەکسانی یاسایی و دادوەری دەگەڕێتەوە، کە بووەتە هۆی دروستبوونی بەربەستێکی جددی لە بەردەم بەرەوپێشچوونی ئافرەتان لە بەشداریی دەسەڵات و بڕیاردانـدا.